# پەنجەرەیەک بۆ:

# دڵۆپێک ئاو ... دڵۆپێک ماچ



ماچ لەسەر دڵۆپەکانی ئاو دەخلیسکێ.
ئاو لە ڕۆنانی ماچەکاندا دەبریقێتەوە.
ماچ لە ناو دڵۆپە ئاوییەکانی
زەردەخەنەی سەر لێوت
دڵۆپ .. دڵۆپ ئاو دەخۆنەوە.

ماچێک بەردەبێتەوە ناو کۆشت.
دڵۆپە ئاوی بە سووراو،
دەڕژێتە سەر کراسەکەمەوە.

دڵۆپە ئاوەکان .. کریستاڵی دێنە خوار،
ماچی ورد ورد کۆیان دەکاتەوە.

وردە ماچ لە وردە دڵۆپی غەمباریت دەئاڵێ.
پێکەنینێک دنیا دەتەنێ.

ماچ .. ماچ ڕێچکە دەگرن تێنوویانە.
دڵۆپ .. دڵۆپ حەزەکانی سەر لێو دێنە خوارێ.

دڵۆپە ئاو ئاوییەکانی نیگات،
ماچ دەپرووشێنێ.
ئاو .. ئاو دەبنە فرمێسک!
ماچ .. ماچ دەبنە پێکەنین!

پەنجەرەیەکم پێببەخشە
بۆ باڵندەکان
بەیادی بروسکی گۆرانییەکانت،
هەموو ئەوینت بدە بە من.
دڵۆپێک ماچم پێببەخشە.
وەکو دڵۆپە بارانێکت،
کە لە چاوەکانتا دەمشواتەوەو،
لە جەستەمدا دەخوا.
کاتێکم بدەرێ لە وەرزێ بۆ سەما،
وەکو بەیانییەکی کێوی.
هەست پێکردنێکی فریشتەیانەم پێببەخشە
وەکو ئامێزگرتنێکی هێمنانە.
وەکو چۆن شانەکانم لە ئاشتیدا دەپارێزی.
ماچێکی زێڕینم پێببەخشە
وەک تامەزرۆیی هەنگوین.
پەنجەرەیەکم پێببەخشە
بۆ تەنهایی چۆلەکەکانم.
پەیڤێکم پێببەخشە
بۆ دەست و پەنجەکانی (یانی)،
کە قەت ماڵئاوایی تیادا نەبێ.
چۆلەکە غەمبارەکانتم پێببەخشە
کە لە دەرگا سەرەکییەکەتدا سوزدە دەبا.
پەنجەرەیەکم پێببەخشە
بۆ سینە گوڵە زەنبەق،
بۆ خۆشەویستی مۆنامۆر.

شێروان خدر
هەولێر – کوردستان
2007–6–5

دێچۆل ئازاد
مێلبۆرن – ئوستراليا
2007–6–5